سەماحەتی حەکیم چاوی بە نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێم کەوت و پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی لێکرد



لە دەستپێکی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێم و پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و بەشداربوونی میللی بەرفراوانی لێکردن، بەڕێزی ڕوونی کردەوە کە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم وەك سەرکەوتنێکی دیکەی ئەزموونی دیموکراتیەتە لە وڵات، هەروەها داوای لە کوتلە براوەکان کرد کە دەست بە پێکهێنانی حکومەت بکەن و ناکۆکیە لاوەکیەکانیش بڵاوە بنێن، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە ئەو حکومەتەی پێك دەهێنرێت ئەرکی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان بگرێتە ئەستۆ و هەر لەسەر ئەو هەڵمەتەی بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەش بەردەوام بێت کە هەرێم بەخۆیەوە بینیوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە سەقامگیری هەرێم تیشکدانەوەی لەسەر سەقامگیری عیراقیش دەبێت و ئاماژەمان بۆ ئەزموونی دوو دەیەی ڕابردوو کرد کە دەریدەخات کە عێراق پێویستی بەوەیە لە هەموو گۆڕانکاران سەقامگیر بێت بۆ ئەوەی بگاتە سەقامگیری مەبەست.
بەڕێزیان داوایان دووپات کردەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و هەروەها هاندانی بەردەوام بوونی پێوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و جەختی کردەوە لەسەر پەیڕەوی کردنی دەستوور و یاساکان و بڕژەوەندی گشتی و دەستبەرداربوونی هەمووان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان.

لەووی سیاسییەوە دووپاتی کردەوە کە گرنگە سەرکەکی تازە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێت و گوتمان کە گرنگە ئەوە بە دڵکەوتنی هەمووان لە پێکهاتەی سوننە بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی تەواوی پێکهاتە و نوێنەرانی لە ئەنجومەن ئاسان بێت، جەختیشی لەسەر پاراستنی سەروەری عیراق لەهەر پێشێلکارییەك کردەوە و گوتمان سەقامگیری عێراق پێویستە بە سەقامگیری ناوچەکە.